بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿1﴾

هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە تەسبیحات و ستایشی خوا دەکات، ئەویش زاتێکی باڵادەست و دانایە.

لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿2﴾

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر ئەو خاوەنیانە، ژیان و مردنیشی بەدەستە، هەر خۆی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿3﴾

ئەو خوایە یەکەمینەو کەس پێش ئەو نەبووە، دواهەمینەو، کەس دوای ئەو نامێنێت، (بەڵام ئەو هەر دەمێنێت)، (هەروەها ئەو زاتە) دیارەو (هەموو شت بەڵگەیە لەسەر بونی، لەهەمان کاتدا زاتی خۆی نادیارەو بەچاوی سەر نابینرێت، بەڵام بە بینایی بیرو هۆش و دڵ و دەروون ئاشکرایە، هەر خۆیشی زانایە بە هەموو شتێک.

هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿4﴾

هەر ئەو زاتە خۆی، ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە، لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی پایەدارکرد، هەر خۆی دەزانێت چی دەچێت بەناخی زەویداو چیشی لێ دێتەدەرەوە، چی لە ئاسمان دێتە خوارەوەو چیشی پیادا سەردەکەوێت، لە هەر شوێنێکدابن

ئەو زاتە لەگەڵیاندایە، (دڵنیابن کە) خوا بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن، بینایە.

لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الأمُورُ ﴿5﴾

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە ئەو خاوەنیانە، هەموو شتێکیش بۆلای خوا دەگەڕێتەوە.

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَهُوَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿6﴾

شەو تێهەڵکێشی ڕۆژ دەکات و ڕۆژیش تێهەڵکێشی شەو دەکات (بە درێژبوونی لایەکیان لەسەر حسابی ئەویان، یان لە بەرەبەیان و ئێواراندا تێهەڵکێش دەبن)، ئەو زاتە زانایە بە هەرچی لە دڵ و دەروون و سینەکاندایە.

آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَأَنفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿7﴾

(خەڵکینە) ئیمان و باوەڕی دامەزراو بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، وە لەو ماڵ و سامانەی کە داومانەتە دەستان، ببەخشن، بێگومان ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لە ئێوە ماڵ و سامان دەبەخشن پاداشتی گەورە چاوەڕێیانە.

وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا بِرَبِّكُمْ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَاقَكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿8﴾

جا ئەوە چیتانەو بۆچی باوەڕناهێنن بە خوا لە کاتێکدا کە پێغەمبەر بانگتان دەکات: کە باوەڕبێنن بە پەروەردگارتان، خۆ ئە وپەیمانیشی لێوەرگرتوون ئەگە ر ئێوە ئیماندارن.

هُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ عَلَى عَبْدِهِ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَإِنَّ اللَّهَ بِكُمْ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿9﴾

خوا ئەو زاتەیە کە ئایەتە ڕوون و ئاشکراکانی **قورئان دە**نێرێت بۆ بەن**دە**ی خۆی، تا لە تاریکستانەکان دەرتان بێنێ و بتانخاتە **ناو نوورو** ڕووناکیە**وە**، بەڕاستی ئەو خوایە بەسۆزو میهرەبانە بۆتان.

وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُوْلَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿10﴾

جا ئیتر ئە**وە** چیتانەو بۆچی ماڵ و سامانتان نابەخشن لە ڕێگەی خوادا، خۆ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئە**و دە**مێنێتە**وە** ، **بگومان** چوون یەك نین ئەوانەتان کە پێش ڕزگاریی مەککە (یاخود پێش سەرکە**وتن**) ماڵ و سامانی بەخشیوەو جە**نگاوە**، چونکە ئەوانە پلە**و** پایەیان زۆر بە**رزترە** لەوانەی کە دوای رزگاریی مەککە **و** (بە**دەست** هێنانی سەرکە**وتن**) ماڵ و سامانیان بەخشیوەو جە**نگاون**
بەهەردوولاشیان خوا بەڵێنی چاکی بەخشیوە، بێگومان ئەو خوایە زۆر ئاگایە بە کارو کردە**وە**تان.

مَن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ وَلَهُ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿11﴾

**جا** ئیتر هەرکەسێ قەرزی چاك بدات بە **خواو** (ماڵ و سامانی ببە**خشێت**) خوای گە**ورە** پاداشتی بێ سنوری دەداتێ و چەند بەرابەری **دە**کات بۆی، هە**روە**ها پاداشتی پیرۆزو بەنرخی بۆ ئامادەکردووە.

يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿12﴾

ڕۆژێك دێت كە دەبینی پیاوانی ئیماندارو ژنانی ئیماندار (بەرەو بەهەشت بەڕێدەكرێن) نوورو ڕووناكیەكی ئاشكرا لەبەردەم و لەلای ڕاستیانەوە دەدرەوشێتەوە، (فریشتەكان پێیان دەڵێن) ئەمڕۆ مژدەتان لێبێت و (پیرۆزتان بێت) ئەو بەهەشتانەی كە جۆگەو ڕووبار بە ژێر درەخت و كۆشكەكانیدا دەڕوات هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا، بەڕاستی هەر ئەوەیە سەركەوتن و سەرفەرازی گەورە و بێ سنور.

يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُوا انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءكُمْ فَالْتَمِسُوا نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ ﴿13﴾

(ئا لەو ڕۆژەدا كە ئیمانداران بەرەو بەهەشت بەڕێدەكەن) پیاوان و ژنانی دووڕوو (دەهێنرێنە سەر ڕێیان، بەغەمبارییەوە بۆ ئیمانداران دەڕوانن، ئیماندارانیش هیچ لایان لێناكەنەوە، بۆیە بە غەم و پەژارەیەكی زۆرەوە پێیان) دەڵێن: دە تەماشایەكمان بكەن با لە نووری ڕوخسارتان بەهرەوەر ببین، بەڵام پێیان دەوترێت: بگەڕێنەوە دواوە خۆتان بە شوێن نوورو ڕووناكیدا بگەڕێن، دەستبەجێ دیوارێك دروستدەكرێت لە نێوان ئیمانداران و دووڕووەكاندا دەروازەیەكیشی تیایە، دیوی ناوەوە (كە ڕووی لە ئیماندارانە) ڕووی لە ڕەحمەت و (بەهەشتە)، وە دیوی دەرەوە، (كە ڕووی لە دووڕووەكانە) ڕووی لەسزاو (دۆزەخە).

يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ قَالُوا بَلَى وَلَكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ حَتَّى جَاء أَمْرُ اللَّهِ وَغَرَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ ﴿14﴾

ئینجا دووڕووەكان هاوار لە ئیمانداران دەكەن، باشە ئێمە هاوڕێی ئێوە نەبووین؟!، ئێمە هاوكاری ئێوە نەبووین؟! (ئیمانداران) دەڵێن: بەڵێ وایە، بەڵام ئێوە خۆتان تووشی دووڕوویی و پیلانگێریی كرد، خۆتان

مەلاس دابوو، بۆ فرسەت دەگەڕان کە زەرەر بدەن لە ئیمانداران، هەمیشە لە گومان و دوودلیدا دەژیان و بلاویشتان دەکردەوە، هیواو ئاواتی بێ جێ سەری لێ تێکدابوون، هەتا ویستی خوا یەخەی پێ گرتن و (کۆتایی بە ژیانتان هات)، شەیتانیش غەڕاو گومڕای کردبوون و لە ڕێبازی خوا وێلی کردبوون.

فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مَأْوَاكُمُ النَّارُ هِيَ مَوْلَاكُمْ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿15﴾

ئەمڕۆ ئیتر هیچ جۆرە پاکانەو بارمتەیەك لە ئێوە لەوانەش کە کافربوون و باوەڕیان نەبووە وەرناگیرێت (ئەگەر هەشبێت)، شوێنەوارو مەنزلگای هەمووتان ئاگری دۆزەخە، هەر ئەوەش شایستەتانە، کە سەرئەنجام و شوێنێکی زۆر ناخۆش و نالەبارە.

أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿16﴾

ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، دلەکانیان بە نووری ئیمان ملکەچ و ڕوونك بووە، ترسی خوای تیا بڕوێنن بەهۆی یادی بەردەوامی خواو ئەو قورئانەی کە ڕەوانەکراوە، وە وەک ئەوانە نەبن کە کتێبی ئاسمانییان بۆ ڕەوانەکرا، بەلام دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی دوورودرێژ، دلیان ڕەق و ڕەش بوو، زۆربەشیان یاخی و سەرکەش و نالەبار دەرچوون.

اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿17﴾

چاك بزانن کە هەر خوا زەوی زیندوودەکاتەوە دوای مردنی ( ئەوەش ئاوا زیندوو دەکاتەوە)، بێگومان بەردەوام بەلگەو نیشانەی دەسەلاتداری خۆمانتان نیشان دەدەین بەلکو ژیربن و بفامن.

إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿18﴾

بەڕاستی ئەوانەی کە خێرخوازن لە پیاوان و لە ئافرەتان، ئەوانەی کە قەرز دەدەن بەخوا ماڵ و سامانیان لە پێناوی ڕەزامەندیی ئەودا دەبەخشن، ئەوانە چەندبەرابەر پاداشتیان دەدرێتەوە و پاداشتی پیرۆزو بەنرخ چاوەڕێیانە.

وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاء عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴿19﴾

ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکانی، ئا ئەوانە ڕاست و ڕاستگۆکانن، شەهیدەکانیش لای پەروەردگاریان پاداشت و نوورو ڕووناکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێناوەو بڕوایان بە ئایەت و نیشانەو بەڵگەکانی ئێمە نیە، ئا ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن.

اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ ﴿20﴾

چاك بزانن کە ژیانی دنیا تەنها بریتیە لە یاری و گەمەو ڕازاندنەوەو خۆهەڵکێشان لە نێوانتاندا هەروەها زۆرکردنی سامان و ماڵ و منداڵ، (جا ئەوانە هەرهەمووی) وەك بارانێکی بە پیت وایە کە ببێتە هۆی بەرهەمێکی زۆر، کشتکارەکان پێی سەرسام بن، لەوەودوا وشک ببێ و زەرد هەڵگەڕێت، پاشان وردوخاش ببێت و بکەوێت، بێگومان لە قیامەتیشدا سزای زۆر سەخت بۆ دنیا پەرستان ئامادەیە، (لەولاشەوە) لێخۆشبوون و ڕەزامەندی لەلایەن خواوە (ئیمانداارانی چاکەخوازی لێ بەهرەوەر دەکرێت)، ژیانی دنیاش (دوور لە خواناسیی و دینداریی)

جگە لەوەی کە بریتیە لە ڕابواردنێکی کەم و زۆر کەسی پێی غەڕاو دەستخەڕۆ دەبێت، شتێکی تر نیە.

سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ﴿21﴾

(کەواتە) پێشبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی لێخۆشبوون لەلایەن پەروەردگارتانەوە، وە بەدەستهێنانی ئەو بەهەشتەی کە پانییەکەی وەك پانایی ئاسمان و زەویە، ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە بە خواو پێغەمبەرەکانی، ئەوەش خۆی بەخشندەیی زۆر گەورە و ڕێزێکی تایبەتییە لەلایەن خواوە دەیدات بەو کەسانەی کە شایستەن، وە هەر خوا خۆی خاوەنی بەخشش و بەخشندەیی زۆر گەورە و بێسنوورە (دیارە بەهەشتەکان وەك خۆر، زەوی، مانگ، خڕن بۆیە ئاماژە بۆ پانایییەکەی دەکات).

مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ﴿22﴾

هیچ بەڵاو ڕووداوێك لە زەویدا، بۆتان پێش نایەت کە لە (لوح المحفوظ)دا تۆمارنەکرابێت، پێش ئەوەی ڕووداوەکە پێش بێت، ئەو کارەش بۆ خوا زۆر ئاسانە.

لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿23﴾

ئەمەش بۆ ئەوەی کە خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی کەلە کیستان چووە، وە بەوەش دڵخۆش و غەڕڕا نەبن کە پێمان بەخشیون، چونکە خوا کەسانی خۆ بە گەورەزان و فەخرفرۆشی خۆش ناوێت (ئەوانەی بەبەخشینی بەهرەکان غەڕڕا دەبن و خۆ بادەدەن و فیز دەکەن).

الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴿24﴾

(یاخود) ڕەزیلی دەکەن و فەرمان دەکەن بە خەڵکیش کە ڕەزیل بن و ماڵ و سامان نەبەخشن (بۆ بەرژەوەندیی گشتیان بە هەژاران و لێقەوماوان)، جا ئەوەی پشت هەڵکا لە فەرمانەکانی خواو (دەست نوقاو بێت) ئەوە بێگومان با چاك بزانێت کە خوا بێ نیازەو سوپاسکراوە (لەسەر بەخششە بێسنوورەکانی).

لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿25﴾

بێگومان ئێمە پێغەمبەرەکانمان ڕەوانە کردووە هاوڕێ لەگەڵ بەڵگەو نیشانەو (معجزة)ی جۆراوجۆردا، وە کتێبە ئاسمانیەکانیشمان هاوسان پیادا ناردوون، وە تە رازوو پەوەری شەرعی و دادپەروەرانەمان بۆ ڕوونکردونەتەوە تا خەڵکی بە عەدالەت و دادپەروەریی ڕەفتار بکەن، هەروەها ئاسمانیشمان دابینکردووە کە ماددەیەکی سەخت و رەقەو سوودبەخشیشە بۆ خەڵکی، (تا ئەوەی خوا دەیزانێ لە جیهانی واقعیشدا دەرکەوێت) کە کێ پشتگیرو لایەنگری خواو پێغەمبەرەکانیەتی لا کاتێکدا کە ئەو زاتە (پەنهانە)، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بەهێزو باڵادەستە.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿26﴾

بێگومان هەر ئێمەو نوح و ئیبراهیمان ڕەوانەکردووە، لە نەوەکانیشیاندا پێغەمبەرایەتی و کتێبی ئاسمانیمان دابەزاندووە، جا لە (نەوەکانیاندا) کەسانێك هەبوون کە ڕێگەو ڕێبازی هیدایەت و خواناسیی گرتۆتە بەر، (هەرچەندە) زۆربەشیان خوانە نەناس و لارێ بوون.

ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاء رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿27﴾

لەوەودوا بەشوێن پێغەمبەراندا پێغەمبەرانی ترمان ڕەوانە کرد، وە (کۆتایی زنجیرەی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم مان هێنا) بە عیسای کوڕی مەریەم، ئینجیلیشمان پێ بەخشی، سۆزو میهرەبانیمان لەدڵی ئەواندا کە شوێنی کەوتبوون دابینکرد، (بەڵام ئەوان) ڕەهبانیەت و (دوورەپەرێزییان لە دنیادا) کردە پیشەیان، وە نەبێ ئێمە ئەو حاڵەتەمان لەسەر فەرز کردبن، بەڵکو تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوامان لێ دواکردوون، بەڵام ئەوان فەرمانەکانی ئێمەیان بەچاکیی پەیڕەو نەکرد، ئێمەش پاداشتی ئەوانەمان دایەوە کە باوەڕی ڕاست و دروستیان هەبوو، (هەرچەندە) زۆربەیان لارووێرو خوانەناس و یاخی دەرچوون.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿28﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکاربن، وە باوەڕی پتەو بێنن بە پێغەمبەرەکەی، تا دوو بەرابەر پاداشت و ڕەحمەتتان بەسەردا ببارێنێت، هەروەها نوورو رووناکیەکتان پێببەخشێت لەبەر ڕۆشناییەکدا چالاکی بنوێنن و ڕێبازی ژیان بگرنە بەر، تا لێتان خۆش ببێت، چونکە ئەو خوایە لێخۆشبوو میهرەبانە.

لِئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ الْكِتَابِ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّن فَضْلِ اللَّهِ وَأَنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ﴿29﴾

جا ئیتر خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکان (لە گاورو جوو) با بزانن کە ناتوانن چوارچوە دانێن بۆ بەخشندەیی و ڕەحمەت و میهرەبانی خوا، (وە خۆیان بە هە بژاردەی خوا بزانن) چونکە بەخشش و ڕەحمەت تەنها

بەدەستی خوایە هەر ئەو دەیبەخشێت بەوانەی کە شایستەن، بێگومان ئەو خوایە خاوەنی بەخشش و ڕێزو میهرەبانیەکی گەورە و بێسنورە.